سالی پێنجەم - ڕەزبەر/گەلاڕێزانی ٢٧٠٥ ئۆکتۆبر/ نۆوامبری ٢٠٠٥

# ئەوین

## ١٨




تۆ نامری چاوەکانم
لە هەرکوێ بی لەسەر ئەرز و لەژێر گڵکۆ لەگەڵمانی

گۆڤارێکی هونەری، کۆمەڵایەتییە، کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش دەری دەکات

نرخ: €1.50

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## پێرست


Ã ڕچەی نوێ / سەلاح موهتەدی 3
Ã چالاکیەکانی کۆڕ 6
Ã وتووێژی هاوڵاتی لەگەڵ سروە عەلیدووست 7
Ã چیرۆک: تەنیا ساتێک گوێم بدەنێ/ نەبەز. ع 8
Ã بیۆگرافی چارلز دیکێتر/ وەرگێڕانی خەرامان عەلیدووست 10
Ã گوزەری شێعر 11
Ã چیرۆک: بەپێی قانوون/ وەرگێرانی لوقمان ئەیامی 12
Ã چیرۆکێکی مینیمالیستی: چەن ئەوی منێک/ مستەفا زاهیدی 14
Ã کچ و کوڕی کورد لە ئورووپا/ شەهلا مەحموود 15
Ã بیرەوەریەکانی شاخ (4)/ وتووێژ لەگەڵ کاک سووهام 17


بەشی ئاڵمانی: **Deutsch**


Ä Kurden in Deutschland 19
Ä Nali 20
Ä Demonstration in Ostkurdistan 21


---

# ئەوین

گۆڤارێکی هونەریو کۆمەڵایەتی‌یە. هەرچەند ماوە جارێک لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە بڵاو دەکریتەوە. ئەوین یەکێک لە ئۆرگانەکانی کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕشە.


دەستەی نووسەران:

خەرامان عەلیدووست xeraman78@yahoo.de
فواد عەلیدووست jamal2586@yahoo.de
نەبەز عەلیدووست Nabaz.e@t-online.de
لوقمان ئەیامی (ئازاد) azad760@hotmail.com


پیت لێدان، کاری گرافیک و مۆنتاژ: لوقمان ئەیامی

تەرحی سەربەرگ



ئامادەکردنی: لوقمان ئەیامی

---

تەرحی پشتی بەرگ



کاریکاتۆر: کاری هونەرمەند کاوە

---


ڕێگاکانی پەیوەندی گرتن لەگەڵ کۆڕ.
سایتی کۆڕ: **www.shoresh.de**
ئیمەیل:
**Kori_shoresh@web.de**
تەلەفوون: **0049-1744660891**
ئادرەسی بانکی:
Schoresch e.V.
Kreissparkasse Groß-Gerau
BLZ: 508 525 53
Konto: 011 600 60 99


خوێنەرانی بەڕێز:

ئێوەش دەتوانن بابەت و نووسراوە هونەری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆتان بۆ ئەوین ڕەوانە بکەن.

بۆ ئاگاداری زیاترلە گۆڤاری ئەوین دەتوانن ئابوونەی بکەن.
بۆ وڵاتە ئورووپاییەکان هەر 3 ژمارە 10€
بۆ وڵاتانی غەیرە ئورووپایی هەر 3 ژمارە 15 €


PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com



# ڕچەی نوێ

? سەلاحی موهتەدی

بە درێژایی دەیەی شەست بیرکردنەوە لە ڕێبازی نوێ سەرتاپای سیاسەت و شێعر و هونەری کوردی خستبووە ژێر پرسیارێکی ڕەخنەگرانە و چاوپێداخشاندنەوەیەکی سەر لە نوێ. هەروەک خەباتی سیاسی و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی میللی ناوەرۆکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی پەیدا کرد و شێوە و ڕەوت و سەرکردایەتی و چوارچێوەی سیاسی و تەنزیمی کۆن کەوتە بەر پلاری ڕەخنە و پەلاماری ڕووخاندن، لە بواری هونەر و ئەدەب و شێعریشدا کەلەپووری کۆن لە سەر شاباڵی شەپۆلی واقیعیاتی تازەی کۆمەڵایەتی، گورجانە بەرەو گۆڕان و گەشە ڕۆیشت و "شێعری نوێ" بە تایبەت لەگەڵ "سوارەی ئیلخانیزادە" و "فاتیحی شێخولئیسلامی" دا گەیشتە لووتکەی هەرە بەرزی خۆی. گۆڕانی کۆن و گووڕانی نوێ لەگەڵ دەستپێکرانی دەیەی شەست دا دەستی پێکرد و شاعیرە گەنجەکانی ئەو سەردەمە لە لایەکەوە چاویان لە گشت ڕابوردووی شێعر و ئەدەبی کوردی، بەڵام بە تایبەت لەو گەنجینە بە نرخەی "کلاسیزمی نوێ"وە بوو کە بە درێژایی بیست ساڵ(1940– 1920) زەبروزەنگی دیکتاتۆری و سەرەڕای زمان ئامان و کوردی قەدەغەکرانی دەورەی سەڵتەنەتی ڕەزاشای پەهلەوی و بە هەوڵ و هیممەتی ئەدیبی زانا و شاعیری نیشتمانپەروەر "حەسەنی سەیف(سەیفولقوزات)"وە ڕچەی بۆ شکا و بە هۆی شاعیرانی مەزن و مەشهووری ئەم مەکتەبە "هەژار" و "هێمن" لە گشت کوردستانی گەورە دا نوێنەریی کرا و لە لایەن هەموو ئەو شاعیرانەی لە سەرەتای دەستپێکرانی شەڕی جیهانیی دووهەم لەگەڵ دامەزران و گەشەکردنی "کۆمەڵەی ژ. ک" دا سەریان هەڵدا، وەک "خاڵە مین" و "سەید کامیل" و "حەقیقی" و باقی بوێژانی دەورەی جومهووری کوردستانەوە پەیڕەوی کرا.

ئەو مەکتەبەی دەکری بە "مەکتەبی موکریان" لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناو ببرێت، هەرچەند بە پێی پاراستنی وەزنی عەرووزی و ڕیعایەتی کێش و قافیە و داڕشتنی شێعر لە قالبی دوو نیوە بەیتی هاوتا دا هەر لە سەر شێوەی کلاسیکیی شێعری کوردی دەڕۆیشت، بەڵام چ لە ناوەرۆک و ئامانجەکانی گوتن و چ لە شێوازی بەیان و هەڵبژاردنی وشە دا خۆی لە مەکتەبی "کلاسیکی کۆن" جیا کردەوە.

ڕۆمانتیزم و خەیاڵبافیی عاشقانە و سۆزی سۆفییانە و بۆ دڵداری نادیار و نەناسراو لۆرانەوە، جێی خۆی دا بە ناتوڕالیزم و جوانیی تەبیعەتی کوردستان دەرخستن، ئاهەنگی بەزم و



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕەزمی کوردەواری گێڕانەوە و بە ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد هەڵکوتن، لە واقیعیەتی وەزعی کۆمەڵایەتی ناوخۆ دوان و خەڵک هان دان بۆ گۆڕانی ئەو وەزعە تاڵ و دژوارەی کە تێیدا دەژیان کە زۆر جار بە هۆی تێکەڵبوون لەگەڵ خەباتی جەماوەر مایە و جەوهەری ڕیالیزمی تێدا بەدی دەکرا.

هەر وەک ئەدیبانی زانای کوردناس و کوردینووسی گەورەی وەک قازی کاکەحەمەی قزڵجی، حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی، مەلا ئەمجەدی قەڵایی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی و حەسەنی قزڵجی ڕێبواری ئەو ڕچە و ناوداری ئەو ناوە و ڕۆڵەی هەڵکەوتووی ئەو دەورەن لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

شاعیر و نووسەرانی "کلاسیزمی نوێی موکریان" لە باتی ئاخنینەوەی نووسراوەکانیان بە وشەی عەرەبی و فارسی یا وشەسازی و داتاشینی لۆغەتی تازەی کوردی، دەستیان کرد بە کەڵکوەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی و ڕەسەن. چونکە زۆربەی زۆریشیان یا ڕاستەوخۆ خەڵکی دێهات بوون یا هەر لەو سەرچاوەوە ئاویان دەخواردەوە و لەگەڵ کاری ڕۆژانە و بەرهەمهێنانی کشت و کاڵی و ئاژەڵداری و ژیانی عێلاتیدا بە تەواوی تێکەڵاو بوون، زۆر شارەزایانە توانیان لە دەریای بێ پایانی وشە و تەعبیر و مەتەڵ و ئامرازی کار و ژیانی کۆمەڵی لادێی کوردەواریدا بە مەیلی خۆیان گەنج و گەوهەری بە نرخ دەرخەن و هونەر و ئەسەری خۆیانی پێ برازێننەوە و دەوڵەمەندی کەن. سوارە لە میراتی ئەم مەکتەبە گەلێکی بەهرە پێگەیشت و چ بە هۆی پێداچوونەوە و سەر دەرچوون لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و چ بە هۆی موحیتی ژیانی خۆیەوە لەگەڵ وشەی پەتی و پاکی کوردیدا شارەزایی و ڕاهاتوویی یەکجار زۆر بوو، بۆ کەڵکوەرگرتن لەو دەسەڵاتەشی تا بڵێی بە توانا بوو.

بێگومان شارەزایی لە ئەدەبی کلاسیک بۆ هەر شاعیرێک شەرتی پێویستە، بەڵام گۆڕینی ڕچەی کۆن و دامەزراندنی ڕێبازی نوێ پێویستی بە ئاگاداری و دەستپێڕاگەیشتن بە گەلێک سەرچاوەی دیکە هەیە و شاعیرانی گەنجی کوردستانی ئێران بۆ گەیشتن و نیشتنەوە لە سەر بانی هەواری تازەی شێعری کوردی بە دوو باڵ دەفڕین:

یەکەمیان شێعری نوێی فارسی بوو کە ئەویش لە بیست ساڵەی حوکومەتی ڕەزاشا دا لە لایەن "نیما یوشیج" باوکی شێعری نوێی فارسییەوە بە ئارامی و ئەسپایی و لە سایەی ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبی ڕۆژئاوایی و بە تایبەت زانینی زمانی فەرەنسییەوە بناغەی بۆ دامەزرا و لە سەرەتای چلەکان و ڕووخانی دیکتاتۆریی ڕەزاشا دا لەگەڵ پەرەسەندن و ئاشکرابوونی خەباتی سیاسی، بە هەموو ئێران ناساندرا و بە خێرایی لە سەرانسەری جامیعەی خوێندەوار و ڕووناکبیر دا– سەرەڕای بەربەرەکانی و پێ چەقاندنی سەرسەختانەی شێعری کلاسیکی فارسی- بە فراوانی پەیڕەو کرا و سەرەنجام بە هۆی شاعیرە گەورەکانی ئەم چەرخەی ئێران، وەک "ئەحمەدی شاملوو"، "م. ئومید"، "سیاوەشی کەسرایی"، "نادری نادرپوور" و "فرووغی فەڕڕوخزاد" و ... بە یەکجاری لە مێژووی تووڵانی و زەنگینی شێعر و ئەدەبی فارسیدا سەقامگیر بوو.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دووهەمیان شێعری نوێی کوردی بوو کە لە سەرەتای شەستەکان دا و لە لایەن ڕێبەری شێعری نوێی کوردی "گۆران" و بە هۆی "بەهەشت و یادگار" و "فرمێسک و هونەر"ەوە، کە خۆیان لە سەرەتای پەنجاکاندا چاپ و بلاو کرابوونەوە، بە نەسلی نوێی شاعیرانی کوردستانی ئێران ناساندرا و تەئسیرێکی گەلێک گەورەی کردە سەر شێوە و ڕواڵەتی شێعری نوێ و بە تایبەت لە بەرامبەر شێعری نوێی فارسیدا تای تەرازووی بۆ شاعیرە گەنجە نوێخوازەکان ڕاست کردەوە.

ئەم بابەتە لە سایتی هێدییەوە وەرگیراوە

---

**سەرچاوە:** گۆڤاری "مامۆستای کورد"، ژمارە 3، 1986

**تێبینی:** ئەو نووسراوەیە بەشێکە لە وتارێکی کاک سەلاحی موهتەدی بە نێوی "دە ساڵ دوای کاک سوار"، کە دە گۆڤاری ناوبراو دا بلاو کراوەتەوە. بە پێویستم زانی لە پێوەندیی دەگەڵ ئەو وتانەی تا ئێستا لە سەر شێعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا خستوومنە بەر چاو، وتەکانی کاک سەلاحیش بکەونەوە بەر چاوان. سەردێڕی ئەو بەشە بۆخۆم دامناوە. -هێدی-

---

# دەرس و تەجرەبەکانی ژیان

هەندێک لە ووتە جوانەکانی M.V. Ebner Eschenbach

وەرگێڕانی لە ئاڵمانیەوە: نەبەز.ع

- ئەی ڕەش بینانی خۆشبەخت!، هەست بە چ خۆشیەک دەکەن، دوا ئەوەی کە زۆرجاران ئیسپاتتان کردووە، کە خۆشی مەوجوودی نیە.
- ژنێکی زیرەک و هۆشیار میلیونها دوژمنی لەدایک بووی هەیە، هەموو پیاوانی ئەحمەق.
- خۆشەویستی عەزابە، بێ خۆشەویستی مەرگە.
- هیچ مردوێک وا گڵ پۆش نەکراوە، وەک شەیدایيەکی کوژاوە.
- خۆت بە هەژار مەزانە، چونکە خەون و خەیاڵاتەکانت بە ئاوات نەگەیشتوون، هەژار ئەوەیە کە هیچ وەخت خەون و خەیاڵی نەبووە.
- تاوانێک نیە کە ئەحمەق بیت، بەڵام گەورەترین تاوانەکان لە لایەن ئەحمەقەکانەوە بەڕێوەدەچن.
- زانستی قوڵ نادرەوشێتەوە.
- بە ڕۆماتیسم و خۆشەویستی ڕاستەقینە کاتێک باوەڕ دەکەین، کە سەرتاپامان دابگرن!
- منداڵ و بەساڵاچووان ئەفسانەسازن. یەکەمیان، چونکا دەرکیان هێشتا دەسەڵاتی بەسەر خەیاڵاتدا نەگرتۆتە دەست. دووەمیان، چوونکە دەرکیان لەدەست داوە.
- کەسالەت و نارەزایەتی نیوە خوشکی بێ ئومێدین.
- حەزی موعتاد هەموو شتێک دەخوات، لە هەموو شت باشتریش بەخت.
- لە ماتەمدا زۆر جار ئەو ئرامیە ئەدۆزینەوە، کە پێشتر لە ترسی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ماتەمدا لێمان پەرێز بووبوو.
- تا ئەو کاتەی فێر دەبین و عادەتی تازە وەردەگرین و تەناقوسیش قەبووڵ دەکەین، هەر جەوانین!



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# چالاکیەکانی کۆڕ


BEIM 22. INTERNATIONALEN BEGEGNUNGSFEST am vergangenen Wochenende auf dem Lubenplatz konnte man Spezialitäten aus aller Welt genießen, sich an Folklore (im Bild eine kurdische Tanzgruppe) erfreuen und mit ausländischen Mitbürgern ins Gespräch kommen. (hen)
Südhessen Woche

## Ø دارمشتات: بەشداری لە فستیڤاڵی نەتەوەکان

ڕۆژی 2005/7/9 لە شاری دارمشتات فستیڤاڵێک بۆ هەموو نەتەوەکانی شاری دارمشتات سازدرا، کە کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش لەم چالاکیەدا بەشدار بوو. ئەم فستیڤاڵە هەر لە بەیانی سەعات 10 ئامادەی پێشوازی لە بەشداران بوو. کۆڕیش بە دانانی دوو خێوەتگە، یەکیان بۆ پیشاندانی کاری دەستی خەڵکی کوردستان ( جاجم، گلیم، قالی و ....)، ئەوی تر بۆ چێشت و خواردنی کوردەواری ( دۆڵمە، سووپ، کفتە و ...) ئامادە کرابوو. هەروەها بەشی هەڵپەرکێی کۆڕ بۆ ئەو ڕۆژە خۆیان ئامادە کردبوو، کە بە پیشاندانی چەند شێوازی جۆراوجۆری هەڵپەرکێ جۆشێکی باشیان بە فستیڤاڵەکە بەخشی. شایەنی باسە تەنیا وێنەیەک کە لەو فستیڤاڵە لە ڕۆژنامەی Südhessen Woche دا و لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاو کرایەوە وێنەی هەڵپەرکێی کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش بوو.

## Ø فرانکفۆرت: پشتیوانی لە خرۆشانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی جومعە 2005/8/5 سەعات 3ی دوانیوەڕۆ لە شاری فرانکفۆرت، بۆ پشتیوانی لە خرۆشانی جەماوەری لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاکسیۆنێکی پشتیوانی لە لایەن کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش و بە یارمەتی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ئاڵمان بەڕێوە چوو. ئەم ئاکسیۆنە کە ماوەی 3 سەعاتی خایاند سەرەتا بە خوێندنەوەی وتاری هاوبەشی هەردوو ڕێکخراو بە زمانی ئاڵمانی دەستی پێ کرد و پاشان وتار و پشتیوانیەکانی ڕێکخراوە سیاسییەکان خوێندرایەوە. شایانی باسە کە 100 کەس لە پەنابەرانی ناوچەکە لەم چالاکیەدا بەشدار بوون.



## Ø بێلژیک. بڕووکسێل: پشتیوانی لە خرۆشانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی شەمبە 2005/8/20 لەبەردەم پارلەمانی ئورووپا ئاکسیۆنێک بە بانگەوازی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو. لە لایەن کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش چەند کەس لە ئەندامان بەشداری ئەم ئاکسیۆنە بوون.

## Ø گرتنی کۆبوونەوەی گشتی ئەندامان ژمارە 12

ڕۆژی شەمبە 2005/9/10 بە بەشداری زۆرینەی ئەندامان کۆبوونەوەی گشتی ئەندامان ژمارە 12 بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیەدا پاش پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی کار و چالاکی شەش مانگی ڕابردوو لە لایەن کۆمیتەی هەڵبژێردراوی شەش مانگی پێشوو، هێندێک ڕەخنە و پێشنیار بۆ باشتر کردنی دەوری تازە پێشکەش کرا. لە کۆتاییدا سێ کەس لە ئەندامان وەک کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆڕ بۆ شەش مانگی داهاتوو هەڵبژێردران.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەقی وتوویژی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (240 ) لەگەڵ هاوڕێ سروە عەلیدووست

# كۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش لە ئەڵمانیاوە پەیام بۆ كوردستان دەنێرێت



ئا: پ. هاوڵاتی

بەشێک لە گەنجانی کورد لە ئورووپا خۆیان بە سازدانی چالاکی هونەرییەوە سەرقاڵ کردووەو رایدەگەیەنن کە بۆ "خزمەت کردنی کورد" کۆبوونەتەوەو گلەییان هەیە لەوەی لە کوردستان گرنگی تەواویان پێ نادرێت.

کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش گروپێکی هونەری کوردییەو وەک خۆیان دەڵێن "مەبەستیانە کەلتوری کوردی بە جیهان بناسێنن"، ئەم گروپە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک کورو کچی گەنجی هەردوو کوردستانی رۆژهەڵات و باشوور، لە کۆتایی ساڵی 2000ەوە لە ئەڵمانیا دروست بووەو تا ئێستا لە کارکردن بەردەوامە.

گەنجەکانی ئەم کۆڕە کە لە چالاکییەکانی هەڵپەرکێ و شانۆو فیلم و دەرکردنی گۆڤار کار دەکەن، لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا لە چەند وڵاتێکی ئەورووپی چەندین چالاکی هەمەلایەنەیان ئەنجامداوە.

لە بواری هەڵپەرکێ جگە لە چەند نمایشێک لە فستیڤاڵەکان، بەشداریان هەبووە لە نمایشکردن بۆ چەند کلیپێک، بەشی هەڵپەرکێی کۆڕەکە لە لایەن مامۆستای شارەزای فێرکردنی هەڵپەرکێوە بەرێوە دەبرێت و ئەندامەکانی زیاتر لە چوارده جۆر هەڵپەرکێ دەزانن، ئەم بەشە لە زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیا و لە هۆڵەندا و بەلجیکا نمایشیان کردووەو ئێستاش خۆشحاڵی خۆیان دەردەبرن بەوەی نمایشەکانیان لە لایەن هاوڵاتیانی کورد و غەیرە کوردەوە مایەی رەزامەندی بووە.

لە بواری شانۆشدا ئەم کۆڕە چەند نمایشێکی هەمەجۆریان ئەنجامداوە، بۆ فیلمیش یەکەمین بەرهەمی کۆڕەکە فیلمێک بووە بە ناوی (ئاواتە خنکاوەکان)، کە گێرانەوەی بەسەرهاتی کۆچی لاوانی کوردستان بووە بۆ ئەوروپا و بەشێکی فیلمەکە لە ئێران و بەشەکەی تریشی لە ئەوروپا وێنە گیراوەو(کامەران حسامی) کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، بۆ ئەمساڵیش بە نیازی ئامادەکردنی فیلمێکی ترن.

گۆڤاری ئەوین کە بڵاوکراوەی سەرەکی کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕشە بە هەر سێ زمانی کوردی–و ئاڵمانی و فارسی دەردەچێت و تا ئێستا حەڤدە ژمارەی لێدەرچووەو لەبوارە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و هەندێ جاریش بواری سیاسی بابەتی تیا بڵاو دەکرێتەوە.

سایتی رەسمی کۆڕەکە بریتییە لە **www.shoresh.de** لەم سایتەدا شێعر و چالاکییە جۆربەجۆرەکانی کۆڕەکەو بابەتەکانی گۆڤاری ئەوین بڵاو دەکرێتەوە.

سروە عەلیدۆست کە یەکێکە لە ئەندامانی کۆڕەکە باس لەوە دەکات کە ئەوان تەنها سەرچاوەی داراییان پیتاکی ئەندامانی کۆڕەکە خۆیەتی و تا ئێستا هیچ لایەنێک هاوکاری دارایی نەکردوون، ئەمەش وایکردووە کە زۆرجار لە ئیش و کارەکانیاندا تووشی سەختی ببن، سروە گلەیی دەکات لەوەی لەو بۆنەو فستیڤاڵە جۆربەجۆرانەی لە کوردستان رێک دەخرێن تا ئێستا بانگهێشتی کۆڕەکەی ئەوان نەکراوە بۆ ئەوەی نمایشی کارەکانی بکات و لەسەر ئاستی کوردستان جۆرێک لە گوێ پێنەدان هەیە بە پرۆژەکانیان، بۆ ئەمە دەڵێت: "ئەم کۆڕە لە ئەورووپا رۆڵی باشی بینیوەو هەقی خۆیەتی لە فستیڤاڵەکاندا ئەم رۆڵە بەهەند وەربگیرێت".

سروە جگە لە کێشەی بواری دارایی سەرکیترین کێشەی گروپەکەیان لە کەمی کات و دووری رێگاوبانەکان لە ئەورووپا کۆ دەکاتەوە و پێی وایە گرنگە لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانە هێشتا تیپێک هەیە توانیویەت بەو شێوەیە بمێنێتەوە.

دواجار کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش لە ئەڵمانیا کە نزیکەی بیست کور و کچی گەنج کاری تێدا دەکەن، دەخوازن بتوانن لە ئایندەدا بابەتی بەپێزتر پێشکەش بکەن و "رۆڵی زیاتریان هەبێت لە خزمەتکردنی کورد".

چوارشەممە 2005/9/7



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com



# تەنیا ساتێک گوێم بدەری

بەڕێز کاک فوادی. ڕ هەر لە دوورەوە، لە ئاڵمانەوە هەتا بانەکۆن سڵاوی گەرم و بەسۆزی منت ئاراستە بێت!. هەروەک بڕیاربوو، ئەوە لە ڕێگای ئەم نامەوە وەڵامی ............

نەبەز .ع

ڕۆژ تەمەنی کردبوو، دەمەو ئێوارە، خۆرەتاو هێشتا بە پرشنگی تاق و ترووقی بێ هێزی بۆ سەر بەرزاییەکانی دەڕوانی. دار و گوڵ و باخ و باخات هەموو سەوز و لێو بەخەندە بوون و هێزی ژین و خواستێک لە ناخیانەوە بۆ ژیان هاواری دەکرد. بەڵام ئەمن ماوەی چەند حەوتوویەک دەبوو، کە دەروونم لێم بەقیندا کەوتبوو و خۆشی و شادی لە ڕووخسارم نامۆ کردبوو. هەر وەک لە وەرزێکی زەرد و ڕەنگ پەڕیوی پاییزدا بژیم، بووژانەوە لە مندا لە ڕەگەوە وەدەر هاتبوو. دیارە هەر یەک لە ئێمە ئەم جۆرە دەورانانە لە ژیاندا تێپەڕ دەکات و تەنانەت پاش چەندان ساتی خۆشی و بەسەرهاتی پڕ لە شادی، هەموو ئەم جۆرە دڵتەنگییانە لە زەیندا پاک دەکەینەوە و دیداری دێرینەیان هەروەک ئەزموونێکی بەکەڵک ئارشیوە دەکەین.

دەروونی کەیل و وەزارهاتووی من هۆیەکی تایبەت و ئەنگیزەیەکی دێرینەی لە پشتەوە بوو. ئەم ئەنگیزە لە چەندانساڵی ڕابردوودا، ماوە ماوە، سات سات لە دەرگای دەروونمی دەدا و منیش بێ هێز و لاواز سفرەی دەروونم بۆ ڕادەخست، ئەویش تا دەیتوانی دەیگلاندموو، خوێنی دەمژیم و پاش تێر بوونی تا ساتێکی دیکە و تا دەورانێکی دیکە ماڵ ئاوایی لێ دەکردم. ئەمن ئەوە پانزە ساڵە خاوەن ماڵ و منداڵ و ئەزموونی ژیانی هاوبەشم، بەڵام لە ڕاستیدا چەندان جار لە ناخمەوە دەنگێک، هاندەرێک هەڕەشەی لێ کردووم و داوای پچڕانی زنجیر و برینی سنوورەکانی ژیانمم لێ دەکات. هەڕەشە دەکات و لە تەیر و توونەوە دێنێت، مەگەر تەنیا خودای گەورە تێی بگات، ئەوە بەرەو شێت بوونم دەبات. ئێستا ئەوە خاوەن سێ منداڵم، خێزانیشم مرۆڤێکی زۆر پاک و دڵسۆز و وەفادارە، بەڵام تەنانەت ئەوانیش ئەستووندەک و ڕاگرم نەماون. هەر ئەو ئێوارە، هەر وەک هەزاران جاری دیکە لە ژیانمدا، ئەم خەیاڵە سەیر و سەمەرە هاتەوە زەینم. ئەم ئەنگیزە نەک هەر هاوڕێی چەندان ساڵی ڕابردووم بوو، بەڵکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە لام خۆشەویستتر دەبوو و سەرنجی ڕادەکێشام. نازانم، ئێستاش کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، شەرم ئارەقی ڕەش و شینم پێ دەر دەدات و دەستەکانم دەلەرزن. بەڵام ئەگەر ئەم بەسەرهاتەو کولێنی دەروونم بۆ کەسێک باس نەکەم، ئەوە بەم زووانە شەق دەبەم و سەر دەنێمەوە. ووتەیەکی جوان هەیە کە دەڵێت: "شەیدایی هەمیشە ناڵینە، تەنانەت شەیداییەکی تێر و تەسەل و بە ئاوات گەیشتووش". بەڕاستی ئەم ووتە زۆر جوان و ڕاستەقینە و ئەزموونیە!. ئەمن هەر لە ڕۆژی عەقد بەستنمەوە، هەر لە ساڵی 1990ی زایینییەوە، هەر لە بانەکۆنەوە تا ئەمڕۆکە شەیداییەک خۆی بەسەرمدا سەپاندووە و هەروەک بەردەی خۆی دەم هێنێت و دەمبات، شەرمنم دەکات، خۆشحاڵم دەکات و پاشان بچکۆلەم دەکات و دەمتوێنێتەوە. کاک فوادگیان هەر لەو ئێوارەدا دەنگەکان و بانگەکان سەریان لێم هەڵدایەوە و بگرە و بێنە و کێشمە کێشم بەرەو باخێکیان ڕاکێشام.



ئاو و هەوا زۆر خۆش بوو، دیمەن و سرووشت زۆر جوان و شاد بوون. ئاوێکی ڕوون و پاک و مەنگ هەر وەک ئاوێنە ڕووخساری پڕ لە ترس و لێوی وشک و لەرزوومیان دەهێنایە بەرچاوم. جا بۆیە ئەم بەسەرهاتەم بۆ تۆی ئازیز دەنووسم،



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوون پێم وایە، تازە لێم ڕوونە کە بە نووسینی ئەم نامەیە دەستێک بە خۆمدا دەهێنمەوە و لەگەڵ خۆم و دەروونی کەیل و بە قین کەوتوومدا مێزێکی موزاکەرەو ئاشتی خوازی ساز دەدەم.

زۆران ئەڵێن: "ترسی پێش دەست پێ کردن بە تاوان زۆر لە ترسی هاوکاتی تاوان و ترسی پاش تاوان بەهێزتر و گڕدارترە". بەڕاستی ڕاست دەکەن. بەڵێ، دوا نیو سەعات گەڕان و هاتن و چوونم، لەسەر کورسیەکی ناوباخەکە دانیشتم. هەمووی یەک دوو دەقیقەی خایاند کە گەورە کچێکی باڵا بەرزی جوانی چاو قەوی قەوی بە پرچی کاڵی درێژی ئاڵۆزاوییەوە هات و بە چاوی فرمێسکاویەوە لە تەنیشتمەوە دانیشت. پاش دانیشتنی فرمێسکی گەورە گەورەی دەگلاند و بۆ دووری دەڕوانی. بە ڕووخساریدا، زۆر سەلامەت و بەخۆوە بوو، گەورە کچێکی پڕهێز و لە جەرگەی ژیاندا دەژیا. ئەمنیش بە ترس و لەرز و وردبینینمەوە بۆم دەڕوانی و لە خۆمم پرسیار دەکرد، کە ئایا ئاوەها لاوێک، ئاوەها جوانێک بۆ دەبێت ماتەم بێت؟، بۆ دەبێ بگری؟، چ کەسێک ئەوەندە دڵ ڕەق بووە کە دڵی ئەم دڵ ناسکەی بریندار کردبێت؟. ئەمن بێزار و زەبوون، ئەویش دڵ تەنگ و ماتەم، هەردووک وەدوا خۆ سڕکردنێکدا دەگەڕاین، هەردوو لە بەخت و خۆشەویستی دوور. ئەو لە ڕابردوودا دەژیا و منیش شێواو لە گێژاویەکدا، ئەو بە یادی عیشق و خۆشبەختی جارانیەوە هەموو ڕۆژێک جارێک ڕووی دەکردەوە ئەو باخە و هەندێک فرمێسکی ماتەمی دەڕشت، منیش هیچ شوێنێکی ئەم دوونیایە بە خۆی نەدەگرتم و بەردەوام دوور لە بەخت بە دوا بەختدا دەگەڕام. بەڵام هەردوو سەرگەردان، هەروەک بە دوا یەکدا گەڕابین و یەکترمان دۆزیبێتەوە ئەو شەوەمان پێکەوە بردە سەر.

ڕەنگە بڵەیت ئەم کردارەت شێتانەیە، هەرچی دەڵەیت بڵێ!، ئەگەر دەستت پێم دەگات ئەڵقاوێزم کە!. تەنانەت بەسەرهاتی ئەو شەوەمت زۆر بە وردی بۆ دەنووسم. بەڵێ، هەردووک ئامبازی یەک بووین و هەرچی داخ و ئافاتمان بوو خستمانە خزمەتی شادی و مەستی و بەسەر دەروونی داخماندا ڕشت. ڕەنگە بڵەیت ئەوە ئێستاش بۆی بە عەزرەتە و بە شانازییەوە بۆمی دەنووسێت، نا، ئەمن تەنیا ڕاستی باس دەکەم، بەو هیوایەی باش تێم بگەیت. باوەڕ بکە مووچڕکە بە تەواوی ئەنداممدا دەهات و لەشم تەزووی دەخست. هەروەک شلیلەو داری نەی لەیەک ئاڵابووین، لێوان یەکیان دەگەست، دەستانی عەزرەتیمان یەکیان دەگووشی و دەهێنا و دەبرد. هەرچی دەڵەیت بڵێ، تەنیا شەوێک بوو بە خۆمم ڕەوا بینی. ئێستاکە بەو بڕوایە گەیشتووم، هەر پەیوەندیەکی هاوسەری کە لە ڕووی دەرکەوە و دوور لە خۆشەویستی ساز بکرێت، ئەوە تەواوی دەرکەکان کۆ دەکرێنەوە و وەکار دەخرێن بۆ کردنی کارێکی زۆر دێوانە، تەنانەت دێوانەترین کار کە مرۆڤ دەکرێ بیکات. بەڕاستی خۆشەویستی گەورەترین هێزە بۆ گڕیدان و قووربانی دان. بەڕێز، ئەوە نەبێت کە ئێستا سووکنایيم هاتبێت و ئۆقرە بگرم، بەڵکە بەردەوام خۆزگە بەوانەی دەخوازم، کە ئەویندارن، ئەوینداری‌کی دوور لە تەمایلی جنسی و کوشتەی ئەوینێکی پاک و پیرۆز و ڕۆح بۆ ڕۆحن.

ئەوینێک دوور لە خۆپەرەستی و پڕ لە زاتی قووربانیدان و بەسەر یەکدا تواندنەوە، هەروەک هەنگ و هەنگوین لێک دانەبڕاو. بەڵام دڵ قوورسی و پەشیمانی چییە؟، "تەنیا ماتەمێکی گەورەیە سەبارەت بەوەی، کە ئێمە ئاواین بەو شێوەی کە هەین!". باش دەزانم، کە سەبارەت بەم باسە ڕووانگەمان زۆر لەیەک دوورن، بەڵام توخوودا بە ناوی خوداوەندان و پێغەمبەران و ئایین و کەرامەتەوە داوای خۆ گۆڕینم لێ مەکە. چوونکە باش لێم ڕوونە کە من و هەزارانی وەک من، زامداری دەستی دەرسی ئەم دەرسانەین و وادار بە ژیانی نێو دوو دونیا کراوین و لە ناو خۆماندا بۆخۆمان دەگەڕێین، لە خۆ دەترسین و بەردەوام لەسەر مێزی شکایەت و گووناحکاری خۆمان خۆ دادگایی دەکەین. بەڵێ، ئەمن سەرچاوە و کانی دەروونم زۆر لەمێژە بەردباران کراوە و ئێستا تەنانەت بۆ وەدەر هێنانەوەیان هێزی مێشوولەیەکی تاکەڕۆژەشم نەماوە. بەڵام ئەو شەوە تا دەمەو بەیان لە دونیایەکی دیکەدا دەژیام، دوور لە هەموو ئاخ و داخێک. دەمەو بەیان هەردوو ماندوو شەکەت بە چاوی پڕ فرمێسکاوی و پڕ ترسەوە بۆ یەکمان دەڕوانی، دەستانمان لە نێو دەستی یەک نابوو و ئەمن لە ناخەوە هەر وەک شەم دەسووتام.

نووسینی: نەبەز . ع  خەرمانانی  2005  دارمشتات



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**بیۆگرافی**



# چارڵز دیکێنز

? وەرگێڕانی لە فارسییەوە: خەرامان عەلیدووست

چارڵز دیکێنز ڕۆمان‌نووسی بەناوبانگی ئینگلیزی لە ساڵی 1812 لە ناوچەی لەندپێرت سەربەپێرشموت لەدایک بووە، باوکی جان دیکێنز فەرمانبەرێکی سادەی ئیدارەی هێزە دەریاییەکان بووە وماوەیەک بەهۆی شکایەتی ئەوکەسانەی قەرزاریان بوو خرایە زیندان. دیکێنز لە بەر دەستکورتی بنەماڵەکەی نەیتوانی بە باشی بخوێنێتو ناچار بوو بۆ باشتر کردنی بژێوی خۆی وبنەماڵەکەی لە کارخانەیەکی واکس کاربکات. کاتێک کە باوکی لە زیندان هاتەدەر ژیانیان هەروا بەناخۆشی درێژەی هەبوو و ئەم بارە هەتا ساڵی 1827 کە دیکێنز بوو بە شاگردی دەفتەری بەڵگە ڕەسمییەکان مایەوە. داوی ماوەیەک سەری کردە ناو کتێبخانەکان و خۆی بە خوێندنەوەیەکی زۆرەوە سەرگەم کردو توانی لەبواری کورت نووسی لە زمانی ئێنگلیزیدا سەرکەوتن بە دەست بێنیو بوو بە هەواڵنیری پەرلەمان وخێرانووسی گۆڤاری "مۆرنینگ هێراڵد". دێکێنز کەمکەم خۆی بە نووسینی کتێب و ڕۆژنامەوە خەریک دەکرد و ساڵی 1835 یەکەمین بەرهەمی خۆی بە ناوی "شێوەی بزن"بڵاوکردەوە. ساڵێک دواتر لەگەڵ کچێک بە ناوی "کاترین هێگارت"زەماوەندیان کرد و چەند کتێبێکی بە ناوەکانی " ئیلیۆرتۆیست" و "ڕووداوی نیکۆلا نیکل بی" بڵاو کردەوە وپێشوازییەکی زۆری لێ کرا.

لە نێوان ساڵەکانی 1840 هەتا 1841 سەفەرێکی بۆ ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و بەبینینی کۆیلەتی و دزی و جینایەت زۆر دڵی ئازار درا و زۆر کاریگەر بوو لە سەری، و یادەوەرییەکانی ئەم سەفەرەی لەکتێبێکدا بە ناوی "بیرەوەرییەکانی ئەمریکا" نووسییەوە. لە ساڵی 1845 سەفەریکی بۆ ئیتالیا کرد و لە گەڕانەوری دا ڕۆژنامەی "دەیلی نیوز"ی دامەزراندو بڵاو کردەوە. زۆربەی بڵاوکراوەکانی دیکێنز لە بیرەوەرییەکانی دەورانی منداڵیەوە سەرچاوەی گرتووە.

نووسراوەکانی ئەو ئەوەندە سادە وڕەوان وزیندوو نووسراون کە وەکوو ژیانێکی ئاسایی وایە، و لەوانەیە لەم ڕوانگەیەوە ئۆڕئالیستی‌ترین نووسەری سەدەی نۆزدەهەمی ئینگلستان بێت. دیکێنز لە 9ی مانگی ژوئەنی 1870 ماڵئاوایی لە ژیان کرد و تەرمەکەی لە ژێرتاقی کلیسای وێست مێنستێر بە خاک سپێردرا.

بڵاو کراوکانی دیکێنز:

نووسراوەکانی دیکێنز هێندە زۆرن کە ئێمە تەنیا برێکیان ناو دەبەین، لەوانە: دەیویدکاپرفیلد، سروودی کریسمەس، چیرۆکی دووشار، چاوەڕوانی گەورە، ناقووسەکان، مارتین چوزل ویت، دۆرینی چکۆلە، باری نابی راج، دەورانی ناخۆشی و هاوڕێی گیانی بەگیانیو ئاواتی گەورە.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش
پڵنگی هەردی وڵات ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە
لە دەوری دەست و تفەنگت گەڕێم کە ڕۆژی خەبات
لە ئاستی هەڵمەتی تیژت چ ناگرە بەرگە
ئەویستەتۆی لەشەوی تار مۆمی هەڵگیرساو
لە نێو دڵی شەوەزەنگا وەکوو گڕێک ڕاساو
کە ڕاتشەکاندووە ئاڵا بە دەستی خاراوت
دەگەی لە کۆسپ و بوواران بە هەستی پاراوت
سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش
پڵنگی هەردی وڵات ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە



## لە پێناوی خەیاڵم دا

"شەبەق"

سەردەمێک بوو شێت و شەیدا
گیانم نابووە سەر دەستم
لە پێناوی خەیاڵێک دا کە

بە سووکی چاویان لێ دەکردم
بە گەورەیی لێم دەڕوانین
لە من وایە زنە و دەریان
نەم دەزانی کوێرەکانی ین.

بە ساکاریی ڕەتێندرام
وەک مرۆڤی ئەم سەردەمە
لە لای وان دۆی گەمە بووم
منی هاوڕێی مامە خەمە.

هەرکات کە لام زۆر مەزن بوون
پێیان وابوو مەڕی گێژم
ئەمڕۆ من هەناسەی خەم
بۆ گەوجێتیان هەڵدەکێشم.

وەک هەمیشە دڵ بە هیوا
خەمی چەوساوان هەڵدەگرم
بۆسەر گوڵی ئامانجی گەل
شێت و شەیدا ڕێگە دەبڕم.

دڵم باخچەی بەهارێکە
دیاریی گوڵی وشیارییە
بازرگانی خوێنی خەڵک
لە هەر کەولێکا دیاریە.

زستانی 2000/ نورویژ

## خاکی ژێر پێتان هاچ دەکەم

هۆ دایکانی
جگەر گۆشە ئەنفالکراو!
کانیاوی ڕێز
مێرگێ سڵاو.

ئەگەر ئاسمان ئەستێرەیەکی پێوەیە،
ئەوە چاوی
تاقانەیەکی ئێوەیە.
درەختێ
بە پێوە مابێ،
لە ئێوەوە فێری خۆڕاگرتن بووە،
پەپوولەیە
بە تیشکی مۆمی سووتابێ،
لە ئێوەوە
فێری لە خۆبوردن بووە.

هۆ دایکانی
جگەر گۆشە ئەنفالکراو!
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سڵاو،
بە قوربانی دار و بەردی ناو دێتان بم،
بە قوربانی خاک و خۆڵی ناو دێتان بم.

"حەمە سەعید حەسەن"

## نیتشە

نیتشە وتی مێینەکان پشیلەن
هەر زۆر گەشە بکەن دەبن بە مانگا!
ئەگەر ڕێکەوت بیخستمایە بێشەڵانی
تەنیایی ئەو شێتەوە
پێم دەوت تۆش
تەنانەت تۆش پێت نەکراوە
بەرامبەرەکەت بناسی
شەوێکم لە عومرت پێبدە
بزانە چۆن، لە حەکیمەوە دەتگۆڕم بە نەزان
سەرابەکانی گومانت دەکەم بە مێرگی باوەڕ
مێرگەکانی باوەڕهێنانت دەگۆڕم
بە سەرابی کەسکی گومان.
شەوێکم پێ بدە
بەڵام با خۆرێکی بە ئاگای تێدابێت
نەک مانگێکی گێلی خەوتوو
تا حەقیقەتت وەکو ماچێ بدەمێ و
لە فەیلەسووفەوە بتکەم بە فەلسەفە.



"کەژاڵ ئەحمەد" 01.12.1993



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com



# بە پێی قانوون

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: لوقمان ئەیامی

? عەزیز نەسین

سەرەتای پاییزی ساڵی ڕابردوو، مـن لەگـەڵ کچێکی جوان زەماوەنـدم کـرد. گـەر ئینسـان بـاش ئاگـاداری ئەرکـەکانی ماڵداری نەبێت و نەزانێت دوای ژن هێنان دەبـێ چـی بکـات، باشتر وایە هەتا کۆتایی ژیانی بە تەنها بمێنێتەوە.

مـن هـەموو ئەمانـەم دەزانـی و ئاگـادار بـووم، پیاوێـک کـە کچـێ خەڵـکی دێنێتـە ماڵـەکەیەوە دەبـێ خۆشـی و کامەرانییەکەشی دابین بکات. بۆ ئەوەی لـە جزسـتاندا تووشـی نەخۆشی نەبین، بـەر لـە هـەر شـتێک دەبوایـە خەڵـووزم پەیـدا بکردایـە. لـە هـاوڕێکـانم پرسـی «لـە کـوێ خەڵـووز دەسـت دەکەوێت»؟ هەموویان وتیان:

ناتوانی وەدەستی بخەی.

بۆ؟

ئیتر ناتوانی .....!

بەڵام دەبینین کە چۆن وەدەستی دێنم.

لێرە بۆ ئەوەی خەڵـووزت بـدەنێ، دەبـێ موختـاری گـەڕەک نامەیەکت بۆ بنووسێ کە ئەم کەسە خاوەنی هاوسـەر و مـاڵ و ژیانـە. منـیش چوومـە لای موختـار و نزیکـەی دە خولـەک چاوەڕوان بووم هەتا قۆزەکەی تەواو کرد، پاشان پرسیم:

ئێوە سەر بە کامە حیزبن؟

دیموکراتەکان.

زۆر باشە، منیش لایەنگری ئەم حیزبەم. ماڵەکەم لە فڵان جادە و ژمـارە فڵـان و دو سـێ حـەوتووە کـە زەماوەنـدم کـردووە، دایکێک و سێ خوشک و برایەکم هەیە، هاتووم نامەیەکم بۆ بنووسی هەتا خەڵووزی پێ وەربگرم.

موختار زۆر بە بێحاڵییەوە سەیرێکی کردم و پرسی:

پێشتر چۆن خەڵووزت دابین دەکرد؟

ئەمە یەکەم جارە کە دەمەوێت ئەم کارە بکەم.

بڕۆرە لای دراوسێکانت هـەتا نامـەی شـاهیدیت بـۆ بنووسـن و ئەوجا منیش نامەکەت بۆ دەنووسم.

کەوتمـە هەڵسـووڕان و تکـا و پاڕانـەوە، زۆرم هەوڵـدا هـەتا تـوانیم نامـەی شـاهیدی دراوسـێکانم ئامـادە بکـەم و وێـڕای نامەکـــەی موختـــار و داواکاریەکـــەم خســـتمە ژێربـــاڵ و کەوتمەڕێ. لە ڕێدا لەگەڵ خۆم دەمگووت: ئێستا ڕەفیقەکانم دەبینن کە چۆن خەڵووزەکە وەردەگرم. کورە بابە ئەوانە هێند لـەش قـورس و تەمبەڵـن کـە کارەکـەش لـە مـن قـورس دەکەنەوە.

فەرمانبەرێک کە کارەکەی ناونووس کردنی نامەکان بوو، کە چاوی بە نامەکەم کەوت پێکەنی و پرسی:

خەڵووزتان دەوێت؟

بەڵێ

فەرمانبەرەکە درێژتر پێکەنی و وتی:

ئێوە خەڵووزتان پێویستە؟

منیش هەوڵم دا وەک ئەو پێکەنم و وەڵامم دایەوە:

بەڵێ قوربـان، دەمهـەوێ پێـش هـاتنی جزسـتان خەڵـووزەکەم ئامادە کەم.

کابرا دیسانەوە پێکەنی.

ئێوە ئینسانێکی باشن.

گـەر ڕێتـان کەوتبێتـە نێـو ئیـدارە و فەرمانگـەکان دیوتانـە کـە زۆربەی فەرمانبەران کەسـانێکی تـووڕە و نێوچاوگرژن، بەڵـام ئەم کابرایە وەک ئەوانەیتر نەبوو. ئەو بە قاقاییکەوە دەستی بە پێکەنین کردەوە و وتی:



ئاوا بڵێ! ئێوە خەڵووزتان پێویستە؟

منـیش هـەر بـە بـەرزی پێکەنینەکـەی ئـەو، بەڵـکو بەرزتریش پێکەنیم و وتم:

بەڵێ .... خەڵووزم دەوێ.

کاتـێ ئینسـان دەسـتی بـە



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێکەنین کرد، ئیتر ناتوانێ بەر بە خۆی بگرێت. ئەو پێدەکەنی و منیش پێدەکەنیم، لە ناکاو پێکەنینەکەی پچڕاند و وتی:

پیاوی حسێبی خەڵووز لەکوێ بوو!

چۆن نیە؟

ئیتر نیە.

ئەی بۆ پێدەکەنی؟

بە خۆش باوەڕیەکەی تۆ پێدەکەنم.

ئەی چۆن بەوانی دیکەی دەدەن؟

ئێمە بڕێک خەڵووزمان هەیە، کە تەنها لە ژێر چاوەدێری کۆمۆسێۆندا و تەنها بە شەرتێک بە خەڵکی ئەدەین.

بە چ شەرتێک؟

گەر لە بنەماڵەکەتانا کەسێک نەخۆشی ڕۆماتیسمی هەبێت و گەواهی دوکتوور بێنن، ئەوا بەپێی قانوون دەتوانن 250 کیلۆ خەڵووز وەربگرن.

زۆر باشە ئێوە نامەکە بنێرن و بیگەیێننە دەستی کۆمۆسێۆن هەتا بزانم چی دەبێ.

بەڵام فەرمانبەرەکە وەڵامی دایەوە:

نامە بەبێ گەواهی دوکتوور هیچ کەڵکی نیە.

هەر کە گەیشتمەماڵەوە، هاوارم کرد:

لە بنەماڵەی ئێمەدا کێ ڕۆماتیسمی هەیە؟!

خەسووم لە ژوورەکەیەوە وەڵامی دایەوە:

ناکا دەرمانی تازە بۆ ئەم نەخۆشییە دۆزرابێتەوە؟!

نا بۆ کارێکی دیکەم پێویستە، زۆریش بە پەلە.

خەسووم وتی:

من دە ساڵە تووشی ئەم نەخۆشییە بووم و تەنیا خوا ئەزانێت کە چەن ئازارم هەیە.

کاتێ خەسووم قسەی کرد، ئیتر کار تەواوە و هیچ زاوایەک ناوێرێت بڵێ وانیە. هەرباشە ماڵی ئاوەدان بێ، ئەمجارەیان درۆکەی لە مەسڵەحەتی من بوو.

بە پەلە گەواهی دوکتوورم بۆ وەرگرت و چوومە شارەوانی. بە خۆمم دەوت «کە خەڵووزەکەم وەرگرت ئەوجار دەزانم چی بەوانە بڵێم کە دەیان گوت خەڵووز دەست ناکەوێت. ئەرێ ئەمانە کەسانێکی لەش قوورسن و دەیانەوێ مافی ئەوانی دی بخۆن؛ ئەوان نازانن هەموو کارێک حیساب و کتێبی خۆی هەیە، هەڵبەت شارەوانیش حەقییەتی هەتا ئینسانە نەخۆشەکان هەبن، نابێ خەڵووز بە ساخەکان بدرێت».

دەفتەردارەکە هەتا چاوی بە گەواهیەکەی دوکتوور کەوت، وتی:

ئەمە بەکار نایەت.

لەوانەیە پێی وابێ گەواهییەکەی دوکتوور دەستکردبێ، حەقیشیەتی، چونکوو ئەوەندە موهەندیس و وەکیل و دوکتووری درۆزن و دروستکراو هەن، کە ئینسان ناتوانێ ڕاست و ناڕاست بناسێتەوە.

دەفتەردار گەواهییەکەی خستە پێشم و درێژەی دا:

بەپێی قانوون دەبێ لە دوکتووری ڕەسمی شارەوانی گەواهی وەربگری.

پووڵێکی زۆرم بۆ هاتوچوو و چوونە لای دوکتوور خەرج کرد و حەفتەیەکی خایاند، بەڵام لە بەرامبەردا جزستان دەحەسێمەوە. هەرخۆم داواکارییەکەم لەم ژوور بۆ ئەو ژوور و لەم مێز بۆ ئەو مێز برد و دوای ئەوەی ژمارەی لێدرا گەیشتە دەستی فەرمانبەری بەرپرسیار. لێم پرسی:

باشە ئێستا کەی بێم خەڵووزەکە وەربگرم؟

فەرمانبەرەکە بزەیەکی کرد و جوابی دایەوە:

ئەمە دەبێ هێشتا بڕواتە لای کۆمۆسێۆن.

چەند ڕۆژی پێ دەچێت؟

بەپێی قانوون کۆمۆسێۆن مانگی جارێک کۆ دەبێتەوە و وەڵامی داواکارییەکان دەداتەوە. داواکاریەکەی من خرایە نێو پەروەندەیەکی ئەستوور و نێردرا بۆ کۆمۆسێۆن! بە خۆمم دەوت: «باشە دەی هێشتا زۆرمان ماوە بۆ جزستان و ئێمەش خەڵووزمان بۆ ئێستا ناوێت»! داواکارییەکان هێندە زۆر بوون کە لە کۆبوونەوەی یەکەمدا سەرەی من نەهات و مایەوە بۆ کۆبوونەوەی دووهەم، هەرچۆنێک بوو بانگیان کردم و بە پێکەنینەوە وتم:

باشە شوکور کارەکە کۆتایی پێ دێت.

چوومە پێش مێزەکە، پیرەپیاوێکی چاویلکە لە چاو بە وردی خەریکی خوێندنەوەی نامەکەی من بوو، سەری بەرز کردەوە و وتی:



بەداخەوە ناکرێ!

بۆچی؟! مەگەر ئەم گەواهییە تەواو نیە؟

لیرەدا هاتووە کە یەکێک لە خزمەکانی ئێوە نەخۆشی ڕۆماتیسمی هەیە.

وایە.....

ئەمە تەواو نیە و بەپێی قانوون ئێمە ناتوانین خەڵووز بە ئێوە بدەین.

بە تووڕەییەوە وتم:

فەرمانبەرەکەی خۆتان ئەمری کرد ئەم گەواهییە بێنم. تەواوە!

لە وەڵامدا وتی:



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاکی بەڕێز، جاران کۆمۆسیۆن خەڵووزی دەدایە ئەو کەسانەی کە ڕۆماتیسمیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی داواکارییەکان زۆر بوون، ئێستا خەڵووز بەشی ڕۆماتیسمەکان ناکات.

زۆر ڕاستە ئەدی جزستان چی بکەم؟

ئەوەیان پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، بەپێی قانوون ئێمە تەنها بەو کەسانە خەڵووز دەدەین کە تووشی سیل بوون.

هەی داد هەی بێداد، ئێستا نەخۆشێکی وا لەکوێ وەدۆزم؟ ئاخر ئەمە چ قانوونێکە کە ئینسان حەتمەن دەبێ سیلی گرتبێ هەتا خەڵووزی بدەنێ! بۆچی پێش ئەوەی ئینسان نەخۆش بکەوێ خەڵووزی نادەنێ؟

بەڵام تێگەیشتم کە ئەمە پرۆسەیەکی قانوونییە و کارەکان دەبێ بە پێی قانوون بڕۆنە پێش و ڕێگە قانوونییەکانی تێپەڕ بکات. منیش خۆم لایەنگری قانوونم، بۆ ئەوەی سەربکەوم و خەڵووز وەربگرم، ساخ بوومەوە کە ئەم گەواهییەش پەیدا بکەم. هەر بۆ مەبادا خەسووم و دوو خوشک و برایەکم لەگەڵ خۆم برد و چووینە لای دوکتوور، بەڵکوو یەکێک لە ئێمە نەخۆشی سیلی هەبێت.

دوای تاقی کردنەوە دوکتوور گەواهی دا کە هەر 5 کەسەکەمان نەخۆشی سیل مان هەیە! و حاڵی من لە هەموویان خراپترە. ئەگەرچی ئەم هەواڵە زۆر سامناک بوو، بەڵام من دڵخۆش بووم کە لە سەداسەد خەڵووز وەردەگرم. بەڵام دەزانن ئاکامەکەی چی بوو؟ کۆمۆسیۆن لە بەرامبەر گەواهی سیلیش خەڵووزی پێ نەداین، بەڵکوو دوای دو حەوتوو هاتوچوو بڕیاریان دا: بۆ هەریەک لە ئێمە تەنها لە بەرامبەر گەواهی مردندا بڕێک خەڵووز بۆ گەرم کردن و شۆردنی لاشەی مردووەکە دەدەن.

ئێستا بینیتان بە کوێری چاوی دۆستە ڕەشبینەکان ئاخرەکەی سەرکەوتم و خەڵووزم وەرگرت.

## چیرۆکێکی مینیمالیستی



# چەن ئەوی منێک...

? مستەفا زاهیدی

ئەمرۆ شەڕێکی قورس لە نێوان من و مندا ڕووی دا. ئەو منەی کە منم حەزم لە ڤۆدکا و سەیران و بیلیاردە و ئەو منەی کە ئەوە ڕۆژنامە و کتێب دەخوێنێتەوە و جارجارەش بیرەیەک دەخواتەوە.

زۆر جار شەڕ لە نێوان دوو مندا سەر دەگرێ و تەنانەت جارێکیش ویستم خۆم لەم شەڕە ڕزگار کەم، بەڵام ئەو منەی کە ئەوی‌ترە بوێری ئەم کارەی لێ گرتم.

تا دوێنێ من دەمزانی لەگەڵ سێ مندام. ئەو سێ منەی کە منن و نین. سێ منێک کە دانیان پێکەوە ناکولێ. منی ڕۆژنامە و منی ڤۆدکا و منی ژیان، بەڵام چیتان لێ بشارمەوە. ئەمرۆ من لەگەڵ منێکی تر ئاشنا بووم، منێک کە عاشقێکی ڕۆمانسییە. بۆیە بۆ دەرباز بوون لەم هەموو منە دەمەوێ پەنا بەرم بۆ منێک کە نایناسم.

تۆی خوێنەر دەتوانی یارمەتییە فیکرییەکانی خۆت بخەیتە ژمارە حیسابی 1001 کە ژمارە حیسابی ئەم چیرۆکەیە.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com



# کچ و کوڕی کورد لە ئوروووپا

? : شەهلا مەحموود- بریتانیا

بە هێندێک دەستکارییەوە: ئازاد. لوقمان

**ئەگەرچی ماوەیەکی کەم و کاتیە هاتوومەتە ئوروووپا، بەڵام یەکێک لەو دیاردانەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام تێکەڵ بوون یان پەیوەندی کۆمەڵایەتی کوڕ و کچی کوردە لەم وڵاتەدا. کاتێک سەیری هەندێک میللەتی وەک (چینییەکان، فیلیپپینییەکان، و ڕووسەکان و .... هەندێکی تر) ئەکەم ئەبینم پەیوەندی نێوان گەنجەکانی ئەوان بەهێزە، هەمیشە لە بازاڕ و کۆلێژ و پارک و شوێنی گشتی و تایبەتی بە یەکەوە ئەبیندرێن، پێکەوە کات بەسەر ئەبەن، پێ‌ئەکەنن، ئێش ئەکەن، هەڵبەت ئەوە ناگەیەنێت تێکەڵ بە میللەتانی تر نابن.**

**ئەمە بە پێچەوانەی کوڕ و کچی کوردە کە زۆر کات کچەکان خۆیان دوورەپەرێز ئەگرن لە تێکەڵ بوونیان لەگەڵ کوڕە کوردەکاندا، زۆرکات گوێم لێ بووە کە وتوویانە (دەی ئەوە کوردە وریابە) تەنانەت زۆرکات لەناو ئەو ژنانەشدا تێبینیم کردووە کە خاوەنی منالن.**

**بۆیە بە باشمان زانی ساتێک لەگەڵ هەندێ لەو گەنجانە بەسەر بەرین و بزانین:**

**§ ئایا گەنجە کوردەکان حەز بە تێکەڵبوونی یەکتر ناکەن؟ ئەوان پێیان خۆشە کێ هاوڕێیان بێت؟ ئەی هۆی چییە؟**

ç ***سەرەتا کچێکی گەنج وتی:*** ئەگەرچی من لەگەڵ دایک و باوکمم لەم وڵاتەو ئەوانیش پێیان خۆشە هاوڕێکانمان کورد بن، بەڵام من و کچە هاوڕێ کوردەکەم هەمیشە خۆمان لەو تێکەڵبوونە ئەدزینەوە.

**§ هۆی چییە؟**

من ئەزموونم زۆرە لەگەڵ کوردەکاندا، پێم‌وایە ئەوە کێشەی زۆربەی کچەکوردەکانە لە ئوروووپا، چونکە پورزاکەشم لە ئەڵمانیا ئەم کێشەیەی هەیە، کاتێک لەگەڵ کوڕێکی کوردا ئەبێت بە هاوڕێ ئەوە هیچ کە بە هەموو کەس ئەڵێت: ئەو کوردەو کچی فڵان کەسەو هاوڕێمە. جگە لەوە من لە زانکۆ ئەخوێنم لە لەندەن، هەڵبەت ژیانی زانکۆ لە کوردستاندا وایە و ئاساییشە خەڵک هاوڕێی کچ و کوڕیشی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەو هێندە بیرکردنەوەی تەسکە لەگەڵ کوڕێکی تر بت بینێت هەر سڵاویش بکەیت ئەو هەزار بیرکردنەوەی خراپت بۆ ئەکات، ئەگەرچی هەموویان وانین، بەڵام دڵنیابە بە تایبەت ئەم وڵاتە بەشێکی زۆریان بەم جۆرەن کە بۆم باس کردن.

ئەو کچە لە قسەکانی بەردەوام بوو وتی: کێشەی پیاو و کوڕی کورد لێرە ئەوەیە کە پێی‌یان وایە هەموو کچە کوردەکان مولکی ئەوانن. من ویستم پەیوەندی هاوسەری لەگەڵ کوڕە کوردێک پێک بێنم، لەسەر ئەوە نەگونجام ئەو پێی وابوو هەرچی کچی کوردە نابێت تێکەڵ بە کەس بن و نابێت سڵاوی هیچ میللەتێک وەڵام بدەنەوە.

ç ***کچێکی تر وتی:*** لە ڕاستیدا من حەز بە تێکەڵ بوونی کوردەکان ئەکەم، بەڵام ئەم وڵاتە بەشێکی زۆری ئەوانەی لەم چەند ساڵەی دواییا هاتن ئاستی ڕۆشنبیرییان زۆر لە خوارەوەیە، بۆ تێکەڵ بوونیان هەزاران گرفتت بۆ دروست ئەکەن.

**> ئایا ژنانی کورد زووتر لەگەڵ کلتووری ئوروووپادا ئەگونجێن، یان پیاوان ناگونجێن؟ یان پێیان قبوڵ ناکرێت؟**

کوڕێک زۆر بێ پێچ و پەناوە وتی: کێشە ئەوەنییە من و پیاوانیتر ناگونجێین، و کوڕ و کچانی تر ئەگونجێن، کێشەکە عەقڵیەتی پیاوە کە ئەڵێ:( بەشەکەی خۆم بۆخۆم ئەوەی تۆش ئەخۆم)، من بۆم هەیە لە زانکۆ و لە دەرەوە تێکەڵ هەموو میللەتانی تر بم، هاوڕێ بم، هاوژین بم، بەڵام نابێ کچە کوردەکان وا بکەن ئەمە ئەبوایە گەنجەکان وانەبوونایە



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە تایبەت هەیە پانزە ساڵ زیاتریشە لەم وڵاتەدایە کەچی هێشتا مەکینەکەی دووکەڵ ئەکات.

زۆرم پێ خۆشە لەسەر ئەم دیاردانە قسە بکرێت، ئەمانە لە ناوەڕۆکدا دەیان و سەدان لێکدانەوەی لەخۆ گرتووە. من باوک و دایکی کورد ئەناسم نایەڵێت کچەکانیان وانەی (زانیاری سێکسی) بخوێنێت، بەڵام ئەیەڵن بۆ کوڕەکانیان، هەر لە سەرەتاوە چەندین جیاوازی درووست ئەکەن لە نێوانیاندا. تۆ تەماشاکە چەندین ڕووداوی کۆمەڵایەتی ڕوویدا هەمووی قوربانیەکانی کچی کوردن، چونکە کوڕەکان ئازادن و چیش بکەن ئاساییە.

ç ***یەکێک لەو ژنە کوردانەی کە ماوەیەکی زۆر خەریکی کاری وەرگێران بوو وتی:*** شتی زۆر سەیر ئەبینم لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەمدا، بۆ نموونە من قسەکانی ئەوانم وەرئەگێڕا تا هاوکاریان بکەم، کەچی هەبوو لە گەرمەی باسکردنی کێشەکەیا ئەی وت: ( تۆ بە تەنیا ئەژیت؟ ماڵت لە کوێیە؟) و هەزاران شتی سەیرتر کە جێگەی سەرسووڕمانی من بوون، بۆیە ناچار وازم هێنا.

ç ***هەر لەم بارەیەوە کوڕێکی تر وتی:*** من زۆرم پێ



ناخۆشە کچێکی کورد لەگەڵ کوڕی میللەتانی تر پەیوەندی هەبێت، یان تێکەڵ بن، بۆ ئەوەی تووشی گرفتی خێزانی نەبن، بە بۆچوونی من گەر کوردەکان تێکەڵی یەکتر ببن لە ڕووی هاوڕێیەتی و پەیوەندی خۆشەویستی و دواتر خێزانی، ئەوا گرفتەکان کەمتر ئەبێتەوە، دایک و باوکی کچەکانیش پێیان خۆشە، دواتر کوڕە کوردەکان ڕێزی کلتوری کوردی ئەگرن و نایەڵن کچەکان تووشی کێشەی گەورە ببن.

***بەڵام هەندێ لە کچەکان ئەو پەیوەندییە ڕەت ئەکەنەوە، چونکە کوڕەکان باسیان ئەکەن؟***

ئەزانی چۆنە، بە زۆری گەنجە کوردەکان بە چەندین کەس بەیەکەوە ئەژین، بۆ نموونە چوارکەس زیاتر یان کەمتر لە خانوویەکان. یەکێکیان کچێکی هاوڕێی هەبێت، گەر هەر لە دەرەوەش بیبینێت ئەوانی‌تریش پێی ئەزانن و ئەبێت بە قسە، خۆ ئەگەر کورد بوو، ئەوا هەی هوو....

ç ***کچێکی شۆخ وتی:*** لە کارگەیەک ئیش ئەکەم چەند کوڕێکی کوردی تیایە، ئەوان هەزار توانج و قسەی سەیر ئەکەن بەرامبەر من و کوردەکان، بەڵام لە بەرامبەر میللەتانی تر زمان لە دەمیانا نیە.

لێرەو لەم وڵاتە کێشەیەک هەیە، کوردەکان زۆر ناوێرن لە کچە ئینگلیزەکان نزیک ببنەوە (هەڵبەت هەموویان نا، بەڵام بە زۆری) لە کاتێکدا ئەزانن زۆربەیان بە تەنیا ئەژین، بەڵام بۆ کوردەکان دڵنیایە کە شووی کردووە و منالی هەیە، هێشتا ئەکەونە توانج و قسەی بێ مانا، بە زۆری هۆکاری تێکەڵ نەبوون قسە و قسەلۆکە، ئەگەر کچێک لەگەڵ کوڕێکا پەیوەندیەکی سادەشی هەبێت، کە کوڕەکە چووەوە بۆ کوردستان هەزاران بێنەو بەرەی بۆ زیاد ئەکات و ئەڵێ کچی فلان کەس وایە، بۆیە لە ترسی ئەم شتانە پەیوەندییەکە ساردە.

جگە لەوەی بەشێکی زۆری ئەو گەنجە کوردانە چەندین ساڵە لە دەرەوەن نەیانتوانیوە لەگەڵ داب و نەریتەکەدا بگونجێن و هەیانە تەنانەت زمانیش نازانێت، بۆیە گۆشەگیرە و هونەری تێکەڵبوونی میللەتانی تر نازانێت، هەروەها ئەو هەموو گەنجە ئەبینێت مومارەسەی گەنجی خۆی ئەکات، ئەویش کەوتۆتە واقعێکی سەیر ناتوانێت وەک ئەوان بێت، ناچار ئەکەوێتە سەروگوێلاکی کچە کوردەکان.

ئەگەرچی لەم ڕووەوە شاری سلێمانی زۆر کراوەترو ئاساییترە وەک لە هەندێ شوێنی ئوروپا.

ئەم بابەتە لە گۆڤاری خاک ژمارە 94 بڵاو کراوەتەوە.

**بابەت و نووسراوەکانی خۆتان بۆ ئێمە ڕەوانە کەن.**

بۆ بڵاو کردنەوەی بابەت و نووسراوەکانتان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن.

- نووسراوەکەتان تکایە بە شێوەی تایپ کراو( بە بەرنامەی Word یان بە شێوەی PDF )، یان بە خەتێکی خۆش لە لاپەرەی A4دا بنووسنەوە.
- ئەو بابەتەی دەینێرن تکایە با لە سێ لاپەرە تێپەڕ نەبێت.
- ئەو نووسراوانەی بێ حورمەتی بە کەس یا میللەتێکی تێدا بێت بڵاو ناکرێتەوە.
- گۆڤاری ئەوین بەرپرسی ناوەرۆکی هیچ بابەتێک نیە.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com



# بیرەوەریەکانی شاخ (4)

خوێنەرانی بەڕێز، لە بەرنامەی ئەمجارەی بیرەوەریەکانی شاخ دەبینە میوانی پێشمەرگەیەکی دیکەی شۆڕشی کوردستان بەرامبەر داگیرکاری و کاولکاری ڕژێمە درندەکانەی ناوچەکە. ئێوەش لەم میوانداریەدا هاوڕێمان بن. لوقمان ئەیامی

ناوم سوهامە و ساڵی 1960 لە شاری بەغدا لە دایک بووم، قۆناغی سەرەتایی هەتا پۆلی چوارم لە بەغدا تەواو کردووە و پۆلی پێنج و شەشم لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان تا 1979 لە ناوەندی شۆڕش بووم و قۆناغی ئامادەییم هەتا شەشی ئامادەیی خوێندووە. و ساڵی 1995 بەرەو هەندەران هاتم و لە وڵاتی ئاڵمان لە شاری دارمشتات لەگەڵ هاوسەرەکەم و منداڵەکانم جێگیر بووم. سێ منداڵم هەیە، کوڕەکەم بە ناوی هەڵۆیست، کچێکم بە ناوی ئاڵا و لێرەش لە هەندەران کچێکمان بووە کە ناوی کلارایە. ئێستا ماوەی شەش ساڵە کە شۆفیری پاسم لە ناو شاردا.

**لوقمان**: سەرەتای تێکەڵاویت لەگەڵ شۆڕش و چالاکی سیاسی ئێوە بۆ چ کاتێک ئەگەڕێتەوە؟

**کاک سووهام**: لە ساڵی 1978 پەیوەندیم گرتووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە سلێمانی، ئەو کاتە پێویست بوو کاری سیاسی و عەسکەری پێکەوە بکەێن، لە زۆربەی کارەکانا سەرکەوتوو بووین هەتا سەرەتای ساڵی 1980، هەتا کارێک کە ئەبوایە جێبەجێ بکرایە بە پێی ئەو پلانەی کە بۆمان کێشابوو ئەنجامی ئەو کارە نەهات بەدەستەوە و سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ناچار بووم شار بەجێ بێڵم و بە جێ هێشتنی شار و پەیوەست بوونم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان من توانیم ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بپارێزم و بە نەمانم کەس تووشی گرتن و ڕاونان نەبێت. بۆیە من ئەو کاتە بەرژەوەندی ڕێکخستنم سەروو بەرژەوەندی خۆم دانا و شارم جێ هێشت و پەیوەندیم کرد بە شاخەوە. لە سەرەتای ساڵی 1980وە پێشمەرگەی هەرێمی پێنجی قەراخی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بووم لە قەراخ، لەو سەردەمە کاری سیاسی و عەسکەری و کۆمەڵایەتیم ئەکرد، لە کاری خوێندنەوە و نووسین و باس و موناقشە چالاک بووم هەر بۆیە پاش دوو مانگ کرام بە ڕابەر سیاسی لە کەرتی هەرێم و مەسئوولی تەنزیمات لەناو هێزی پێشمەرگە لە کەرتی پێنج و بە تایبەت لە لقی دووی کەرکووک. لە کۆتایی ساڵی 1981 هەڵیانبژاردم بۆ ئەوەی دەورەی کادری کۆمەڵە ببینم، کە لە کۆی تێکرای هێزی پێشمەرگە نەئەگێشتنە 20 کەس. ئەو دەورە چڕوپڕە پێنج مانگی خایاند و کۆمەڵێک دەرس و وانەی بەکەڵکی تیا بوو. ئەو کەسانەی ئەوسا لەوێ دەرسیان ئەوتەوە، ڕێبەرانی ی ن ک و بگرە کەسێکی ڕۆژهەڵاتی کە ناوی عەبدوڵا موهتەدی بوو. پاش دەورەکە چوومە هەرێمی پێنجی قەراخ بۆ پێک هێنانی کەرتی بازیان و کاروباری کۆمەڵە و پەیوەندی گرتن بە خەڵکی شار و قەزا و ناحیەکان و سلێمانی، و من وەک کادری کۆمەڵە لە ناوچەکانی سەگرمە و قەراخ و بازیان کارم دەکرد. لەو ماوەدا دەیان و سەدان دۆست و کەسمان بۆ کۆمەڵە پەیدا کرد، پاشان لە کۆنفرانسەاکانی دوو و سێی کۆمەڵە بەشداریم کردووە.

**لوقمان**: پێمان خۆشە گوێبیستی بیرەوەرییەکی چالاکی پێشمەرگایەتی ئێوە بین.

**کاک سووهام**:یەکێک لەو چالاکیانەی کە لە یادمە ئەوە بوو لە ساڵی 1982 لە تەنیشت سلێمانی لە ئاوایی کەندەسوورە کەسێک بە ناوی حەسەن کە دوایی شەهید بوو، کەسێکی لە گومرکی سلێمانی پێ ناساندم بە ناوی جەزا و پێی وتین کە لە گومرک چەک و تەقەمەنی باشی لێیە. پاش داڕشتنی نەخشەی کارەکە کە من کێشام، پاش ئەوەی دووجار هەوڵەکەمان سەری نەگرت بۆ جاری سێهەم توانیمان بچینە ناو گومرک و



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com



دەیان و سەدان پارچە چەکی قورس و سووکمان دەست کەوت و توانیمان لەگەڵ خۆمان بیبەین.

**لوقمان**: پەیوەندیتان لەگەڵ خەڵک چۆن بوو؟

**کاک سووهام**: لە مانگەکانی 5 و 6ی 1980 کەرتی جەباری کە مەسئوولەکەی مامە ڕیشە بوو، لە بۆسەیەکدا 10 موهەندیس و پرۆفیسۆری ڕووسییان گرت، ئەم گیراوانە درانە دەست لقی5 کە ئێمە بووین، هێزەکەی ئێمە لە قەراخ نەئەگەیشتە 40 کەس، ئێمە بەم 10کەسەوە لە دێی خاوێ بووین، هەر لە سەعات 5ی بەیانییەوە حکوومەت بە هێلیکۆپتەر و شتی وا بە چڕی بۆمان گەڕان و پاشان گەڕانەوە، دواتر لە کاتی نیوەڕۆ زۆرمان برسی بوو لە ئاوایی خاوێرەوە حەیوانێکمان هێنا، سەعات 1ی نیوەڕۆ بوو لە کاتی ئاگر کردنەوەدا 2 فڕۆکە هاتنە سەرمان و تەقەیان لێ کردین و هەر لەوێ هەشت کەسمان شەهید بوون. شەهید گۆران و شەهید ئەحمەد حارس و شەشی دیکەش. شەڕ تا تاریکی بەسەرهات بەردەوام بوو، خەڵک زۆر زۆر یارمەتییان کردین 15 تا 20 کەسمان بریندار بوون. بۆ ڕۆژی دواتر کە ڕۆژی عارفە بوو لە ئاوایی دێلێژە کە خەڵک زۆر ناڕاحەتمان بوون و ئەهاتن بۆلامان بۆ دڵ دانەوە، ئەوان خۆیان جێژنیان لەبەر ئێمە نەگرت. ئێمەش لە تۆڵەی ئەوەدا چەند عەمەلیاتێکمان کرد، و ئێمە لە گەڕانەوەماندا دڵسۆزی و غەمخۆریمان پێوە ئەبینین.

**لوقمان**: لە کاتی پێشمەرگایەتیدا قەد هەبووە ماوەیەکی زۆر بێئاوی بکێشن؟

**کاک سووهام**: هەر لە ڕووداوی گرتنی ڕووسەکاندا، پاش ناشتنی شەهیدەکانمان، چووین لە نزیک ئاوایی دێلێژە خۆمان حەشار دا. ڕۆژی دواتر کە 9ی ئاگۆستی 1980 و چلەی هاوین بوو و زۆر گەرم بوو، ئێمە زیاتر لە 20 سەعات بە بریندارەکانەوە ئاومان نەبوو ئیتر خواردن ئەوە هەر باسی مەکە، جل و بەرگمان چڵکن و پیس و خوێناوی و دڵ ناڕاحەت لەو کارەساتەش.

**لوقمان**: ئێوە کەی خێزانتان پێکەوەنا؟

**کاک سووهام**: لە کۆتایی ساڵی 1982 و سەرەتای 1983 یەکیەتی زۆر بەهێز بوو، حکوومەتیش بە هۆی شەڕی پێشمەرگە و ئێران زۆر بێهێز بوو، بە شەو ئێمە حکوومەت بووین و بە ڕۆژ ئەوان. ئێمەش لەو حاڵەتە دڵخۆش بووین و زۆر کچیش هەبوو لەگەڵ پێشمەرگە خانەوادەیان پێک دێنا، ئێمەش نەورۆزی 1983 خانەوادەمان پێک هێنا، تا 1985 خێزانم لەگەڵ بوو، لە ساڵی 85 لە سەردانێک بۆ سلێمانی ئەویان گرت و ئەیان ویست زەخت بکەنە سەر ئێمە بۆ گەڕانەوە. دوایی لەگەڵ دایکم لە سووورداش ئازادیان کردن. منداڵی یەکەممان بە ناوی هەڵوێست لە شاخ لە دایک بوو، دووهەم ئالا لە ساڵی 90 لە شار و کلارا لە 1997 لە ئالمان لە دایک بووە.

**لوقمان**: ئەتوانن بیرەوەریەکی خۆشی خۆتان بگێڕنەوە؟

**کاک سووهام**: ساڵی 1985 لەگەڵ ڕەفیقێکی خۆشەویستم بە ناوی جەمال مەحموود قایەر کە خەڵکی بەکرەجۆیە، پێم وت وەرە با بچین بۆ ئاوایی کەندە سوورە و جەولەیەک بکەین، ئەو هاتوچووی ئەو ناوەی ناکردبوو، 8 کیلۆمەتر لە خوار سلێمانییەوە، ئێوارە چووینە ئاوایی خەلیفاوا، هاوڕێیەکم ووتی ئێوە بگەڕێنەوە شاخ و لێرە مەمێنن، بە کوردیەکەی دەری کردین. ئێمەش تەمبەڵیمان کرد و هاتینە دێی ئەملاتر و لەوێ خەوتین چونکوو لەوێ کارەبا و هەموو شتێکیان هەبوو، چونکوو پێمان خۆش نەبوو ئەو ڕێگە ناخۆشە بگەڕێینەوە. شەو لەوێ ماینەوە و زۆر قەرەباڵغ بوو، بەیانی کوڕی ئەو ماڵە کە ماڵی مام کەریم بوو هاتو وتی هەستن چوار دەورتان گیراوە، ئێمەش پاش تەکبیرێکی باش چەکەکانمان خستە ناو توورەکەوە و وەک فەلاح لە ئاوایی هاتینە دەر، دوایی جەمال ئەیوت کە من پێش ئەوان ئەت کووژم. خەڵک سواری سەیارەیان کردین و ئێمە بە دووربین ئەمانددی کە هاتنە ناو ئاوایی و بە شوێنمانا ئەگەڕان.

**لوقمان**: وەک قسەی کۆتایی هەر شتێکتان هەیە فەرموون.

**کاک سووهام**:ئەو وەزعەی ئێستای کوردستان، بێگومان لە کوردستانەکانیتریش دێتە دی، و ئەوە نەتیجەی خەباتی پێشمەرگە و شەهیدانە، بەرهەمی ئەو ڕێکخستنانەیە و بەرهەمی جەماوەری یەکیەتی و خەڵک کوردستانە کە دڵسۆز بوون بەرامبەر یەکیەتی. هەر بۆیە هەموو ئەو ماندووبوونانەی خەڵک و شەهیدان و پێشممەرگەکان بکەنە تاجێک و وەک وەفا دەبێ کار ئاسانی بۆ ژیانیان بکرێ.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

Für dich stellen die Dürre und Trockenheit „Rosengärten“ dar, wenn ich nicht da bin
Für mich aber stellen die „Rosenberge“ Dürre da, wenn du nicht da bist
Denn trotz der Anwesenheit von Menschen und Völkern
Keiner bewohnt in meinen Augen diese Stadt, wenn du nicht da bist,
Solange ich dich kannte, waren sie mir bekannt
Jetzt stellt jede einzelne eine Fremde dar ohne dich,
Tag für Tag aufgrund der Sehnsucht zu diesem Jahr
Es ist die Hoffnung des Todes des vergangenen Jahres ohne dich,
Wegen der Sehnsucht zu dir sind Nalis Augen
Zwei Quellen, sogar zwei Flüsse, ohne dich.

Von RONAHI 23

# Kurden in Deutschland

Über 500.000 Kurdinnen und Kurden leben zurzeit in der Bundesrepublik Deutschland und bilden damit die viertgrößte nichtdeutsche Volksgruppe hier. Der größte Teil kam im Zuge der Anwerbung von Arbeitnehmern sowie im Rahmen der Familienzusammenführung in den 60er und 70er Jahren aus der Türkei nach Deutschland. In den 80er Jahren kamen viele kurdische Flüchtlinge zunächst aufgrund des Militärputsches aus der Türkei, danach während des 2. Golfkrieges aus dem Irak. Auch Kurdinnen und Kurden aus dem Iran und aus Syrien suchen wegen massiver politischer Verfolgung Schutz in Deutschland.



Kurden sind in Deutschland nicht als eigene Volksgruppe anerkannt. Dadurch gibt es lediglich demographische Schätzungen statt genauer Statistiken. Wesentlich gravierender ist für Kurden eine andere Konsequenz aus der fehlenden Anerkennung als eigene Volksgruppe: die Rechte, die anderen Migrantengruppen aus Anwerbeländern gewährt werden, wie beispielsweise muttersprachlicher Ergänzungsunterricht in Schulen, soziale Betreuung in der Muttersprache, Radio- und Fernsehsendungen in der Muttersprache, bleiben der zweitgrößten Migrantengruppe - den Kurden - vorenthalten.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

„Doch die Wüste ist ein Rosengarten für dich ohne mich;
für mich ist die Rosenernte die Dürre ohne dich,…“

# Nali

Luqman (YXX- Göttingen)

Nali(1799-1855) ist der Begründer der traditionellen Dichtung im zentralkurdischen Dialekt Sorani. Die Geschichtsschreiber behaupten auch, dass er der erste ist, der auf Sulemani-Sorani geschrieben hat. Es gab natürlich vor ihm Dichter, die auf Kurdisch gedichtet hatten, doch es gab keinen wie ihn, der der kurdischen Dichtung Regeln auferlegte, so dass er immer wieder imitiert wurde und noch wird.

In seinem Kurzgedicht vergleicht er seelische Zustände mit und ohne der Geliebten. Und er spitzt diesen Vergleich zu, indem er seinen Zustand ohne Geliebte mit dem Zustand der Geliebten ohne ihn vergleicht.
….Meine Augen sind blind schauen keine an;
Alle meine Wimpern sind einzelne Nadeln ohne dich;
…Doch die Wüste ist ein Rosengarten für dich ohne mich
Für mich ist die Rosenernte die Dürre ohne dich,….

## Ohne dich



Es ist mein Eid, nicht mal zur
nächsten Stadt zu gehen ohne
dich,
Mein Inneres ist leer, weint wie
eine Ney-Flöte
Was für ein Hilferuf ist mein
Ausruhen ohne dich,
Meine Augen sind blind, schauen
niemanden an
Meine Wimpern sagen einzeln: sie
sind Nadeln ohne deine
Anwesenheit,
Alle stimmhaften Glieder meines
Körpers weinen
Vom Fuß bis zum Haupt ähnele
ich einer Mosikar- Flöte ohne deine Anwesenheit,
Wahrlich beim süßen Sirup deines Anblicks
Mein Wein ist gleich dem Schlangengift, wenn du nicht da bist,



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# Das iranische Regime hat zum wiederholten Male eine friedliche Demonstration im eigenen Land blutig niedergeschlagen.

Als eine Gruppe von Jugendlichen bei einer Kundgebung mehr Freiheit und mehr Recht für das kurdische Volk forderte, kam es zu Verhaftungen und infolge dessen wurde der Demonstrant Schvan Ghaderi auf bestialische Weise bis zum Tode gefoltert. Daraufhin fand am 10.Juli 2005 eine Demonstration gegen das rigorose und unhumane Vorgehen des Regimes in der Stadt Mahabad, im Westen des Landes, statt, die von den Regierungstruppen abermals gewaltsam zerschlagen wurde.



Schvan Ghaderi

Der Tod eines Unschuldigen und das Vorgehen der Regierung führten zu weiteren Aufständen in zahlreichen kurdischen Städten. Die Regierung antwortete mit Verhaftungen und Folter.

Wir von der kurdischen Jugendgruppe Schoresch e.V. fordern die Solidarität für die Freilassung der Inhaftierten und kritisieren scharf das Verhalten des reaktionären Regimes.

Hiermit geben wir unsere Forderungen kund:

Die Täter sollen vor einem öffentlichen Gericht gestellt werden und ihre gerechte Strafe erhalten.

Die sofortige Freilassung der Gefangenen in den Städten Mariwan, Sardascht, Snah, Saqqez, Baneh und Mahabad und den anderen kurdischen Städten.

Die Polizeiwillkür soll aufgehoben werden, damit in Zukunft nicht mehr Angst und Unsicherheit in den kurdischen Gebieten herrschen.

Die Menschenrechte dürfen im Iran, insbesondere in der kurdischen Region, nicht länger missachtet werden. Die Forderungen des Volkes nach Demokratie und Freiheit müssen endlich Gehör finden.

**AWIN- Kulturmagazin- Herausgegeben von der kurdischen Jugendgruppe Schoresch e.V.**

**Redaktion:**
Nabaz Alidoust
Kheroman Alidoust
Fuad Alidoust
Loghman Ayami

**Bankverbindung:**
Kreissparkasse Groß-Gerau
BLZ: 508 525 53
Konto: 011 600 60 99



**Kontakt**

**Email:** **Kori_shoresh@web.de**

**Tel:** **0049/1744660891**

**Webseite:** **WWW.shoresh.de**



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

Oktober/November 2005

# Awin

Kulturmagazin – Herausgegeben von der kurdischen Jugendgruppe Schoresch e.V.

No. 18




**www.shoresh.de**

Email: **Kori_shoresh@web.de**
Tel: 0049-1744660891

Bank Adresse:
Schoresch e.V.
Kreissparkasse Groß-Gerau
BLZ: 508 525 53
Konto: 011 600 60 99

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com